

وەرگرتووە، لەکاتێکدا

# نۆبلێکی چاوەڕواننەکراو!

## گۆستاڤ لۆکلێزیۆ
## وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی 2008

هەرچەندە لە کاتی خوێندنەوەی ناوی (گۆستاڤ لۆکلێزیۆ) وەك ساڵانی تر ڕۆژنامەنووسان و گرنگیدەرانی بواری ئەدەب نەیانکردە هەڵاو هاتوهاوار، بەڵام نیوەڕۆی 10/10 ئەو کاتەی زەنگی تەلەفون بۆ (گۆستاڤ لۆکلێزیۆ) لێدرا، زەنگێکی ئاسایی نەبوو، چونکە وەرگرتنی نۆبڵ نەك تەنها بۆ خۆی، بەڵکو بۆ ئەدیبە فەرەنسییەکانی هاوپیشەشی بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە بەم نۆبڵەی ئەمساڵەوە فەرەنسییەکان 14 نووسەریان ئەو خەڵاتەیان

یەکەم نووسەر و یەکەم خەڵاتی نۆبڵ لە مێـژوودا بەخشرایە نووسەری فەرەنسی (رینە فرانسیس ئارمەند) لە ساڵی 1901دا.

کاتێك ئەکادیمیای بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ ناو و بیبلیۆگرافیای بەرهەم و ژیانی (گۆستاڤ لۆکلێزیۆ)ی خوێندەوە بەلای میدیای سویدییەوە ناوی (گۆستاڤ لۆکلێزیۆ) یەکێك نەبوو لە ناوە پێشبینیکراوەکانی وەرگری خەڵاتەکە، هەربۆیە هەندێ لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا خەڵاتی ئەمساڵی نۆبڵ بە یەکێك لە خەڵاتە ساردوسڕەکانی سی ساڵی رابردووی نۆبڵ دەژمێرن، کە نووسەرێك ئەو خەڵاتەی پێبەخشرا لە وڵاتەکەی خۆی زیاتر لە کەم وڵاتی دونیادا ناوبانگی هەبوو!.

پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەی هەندێ لە میدیاکانی ڕۆژئاوا، دەیان سایتی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەورووپی پۆرترێتی گەورەی ئەم نووسەرەیان لە پێشەوەی ڕۆژنامەو سایتەکانیاندا داناوەو دوابەدوای ئەم

ڕاگەیەنراوی ئەکادیمیای سویدییش، چەندین دەزگای چاپی فەرەنسی و ئەوروپی پێشبڕکێیانە لەسەر چاپکردنی کتێبی لەمەودوای (گۆستاڤ لۆکلێزیۆ).

لە بیبلیۆگرافیای ژیانیدا بەم شێوەیە ژیاننامەی خوێنرایەوە..

گۆستاڤ لۆکلێزیۆ ساڵی 1940 لە شاری (نیس)ی فەڕەنسا لەدایکبووە. بەدەر لە کاری نووسین و ئەدەبیات دکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتووە. یەکەم ڕۆمانی لە تەمەنی 23 ساڵیدا نووسیوە بە ناوی (لۆ پرێسیس ڤێرپال)، پێش ئەم ڕۆمانەش چەندین کورتە چیرۆکی نووسیوە، بەڵام ئەم ڕۆمانەی سەرەتایەکی باشبوو بۆ بەرکەوتنی تیشکی خوێنەر و ڕەخنەگران بە بەرهەمەکانی. دواتر ئەم ڕۆمانەی کرا بە سویدی و لەلایەن چەند دەزگایەکی جیاوازی سویدییەوە چاپکراوە. چوار ساڵ دوای نووسینی ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانی (تێرائاماتا)ی نووسی، پاشتر (ڕۆمانی شەڕ)ی لە ساڵی 1980دا نووسی و ڕۆمانی (بیابان)ی لە ساڵی 2004دا نووسی، کە ئەمەی دواییان یەکێکە لە ڕۆمانە ناودارەکانی و بۆ چەندین زمانی دونیا وەرگێڕدراوە، لەوانە عەرەبی، بەمەش گۆستاڤ لۆکلێزیۆ بەدەر لە خوێنەری فەڕەنسی، خوێنەری لە چەندین زمانی تردا بۆ پەیدابوو.

هەستی ئینسانبوون ڕەگێکی بەهێزی ناو ڕۆمانەکانییەتی، بەتایبەتی لە ڕۆمانی (بیابان)دا هەردوو کارەکتەری (نور و لالا) دەیانەوێت هێڵێکی گشتی لە نێوان بیابان و شاردا بکێشن، ئایا مرۆڤ لە بیاباندا بەختەوەرە یان لە شاردا؟ جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان شار و بیابان لە ڕووی سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە لە کوێدا دەردەکەوێت؟ دواتر ئەو لەم ڕۆمانەدا دەیەوێت ئیسارەی بیری ئازادی بکات، ئایا مرۆڤ لە شاردا بەدەستی دەهێنێت یان لە بیاباندا؟ بە درێژایی ئەو ڕۆمانە (لالا و نور) پرسیار لەو دوو چەمکە دەکەن و بە دوای وەڵامەکانیشدا دەگەڕێن، بەڵام دەستیان ناکەوێت.

لەبارەی شتە تایبەتییەکانی خۆیەوە، وەک نەریتێک لە وەڵامی هەندێ پرسیاری خێرای ڕۆژنامەکاندا (گۆستاڤ لۆکلێزیۆ) چەند دێڕێکی تایبەتی خستە ڕوو: زۆر حەزم لە سەفەرە، ئەمڕۆ لە سویدم، حەزدەکەم سبەی لە هندستان و دووسبەی لە مەکسیك و سێ سبەی لە تبت و ...هتد، حەزم لە خواردنی میللییە، ڕقم لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە، حەز بە ڕاکردن و وەرزش دەکەم، بەردەوام حەزدەکەم جگە لە پاسپۆرتەکەم، قەڵەم و کاغەز لە جانتاکەمدابێت، چونکە زۆر دەنووسم وکەم پاکنووس دەکەم، چەندین جار پێش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم کاتێك پیشانی هاوڕێیەکم داوە بۆ ئەوەی سەرنجی خۆی لەسەر بڵێت کە هێناویەتەوەو کۆمەڵە سەرنج و کەموکورتییەکی پێ وتوم، نەمتوانیوەو حەوسەڵەم نەبووە دەستکاریی تێکستەکەم بکەم، بۆیە چۆن دەنووسم وا بڵاودەکەمەوە، بەبێ پاکنووسکردن.

## ئایندە

